# جوانیی عەشق لە بەیەکنەگەیشتندایە



## TRISTAN+ISOLDE

ناوی فیلم:
Tristan+Isolde
دەرهێنانی:
KEVIN Renolds
نواندنی:
JAMES Franco
SOPHIA Myles

خوێندنەوەی:

نەك هەر ئـەم فیلمە بەڵكو هەموو ئـەو چیرۆكانەی باس لە خۆشەویسـتی دەكـەن و لەزاكـیرەی ئێمەدا مـاون، هی ئەوەیە لەكۆتاییـدا بەیەكـتری ناگەن و عەشـقەكەیان نـاكام ئەبێ. تا كۆتاییەكـەی ئـەو چیرۆكانە یا ئـەو فیلمانە یا ئـەو رۆمانانە تراژیدیـتر بێت، پـتر لە مێشـكماندا ئەمێننەوەو تـا درێژترین مـاوە لەگەڵیانـدا ئەژیـن، چیرۆكـە دڵدارییەكانـی ئێمـە لـە مەم و زینـەوە بـۆ خـەج وسـیامەند و شـیرین و فەرهـاد، هەموویـان ناوبانگ وگەورەییان ئەگەڕێتەوە بـۆ بەیەكنەگەیشـتنیان، ئـەوە تراژیدیـای كۆتاییـە وا ئـەكا ببن بـە بەرهەمێكـی زیندووی ئەمرۆ ئێمە باسیان بكەین، واتە كۆتاییەكی پڕحەسـرەت و خوێن و بەیەك نەگەیشتنیعاشـقەكان، لەهەمـوو پەیوەندیەكانیـتر پـتر سـەرنجی مـرۆڤ بـەلای خۆیانـدا رائەكێشـن، هەر ئەمەیشە وای لە شاعیرو رۆمان نووس و فیلمسـازەكان كـردووە بەداوی ئەو چیرۆكانەدا عەودالبن، كە عاشـقەكانیان سەختترین وپـڕ عەزابتریـن ڕێگـا هەڵدەبژێرن بۆ گەیشـتنیان بەیەكتری و كەچـی لە كۆتاییدا بەیەك ناگەن. ئـەم فیلمەش جوانیەكەی لەوەدایـە كە لـە چركەكانی كۆتاییـدا دڵمان پـڕدەكا لەحوزن و گریـان، قورگمان دەگرێ، دوای دوو سـەعات لەسـەیركردنی داسـتانی خۆشەویسـتی هەردووكیان كەچی مـەرگ یەكێكیان لەگەڵ خۆی ئەبات. لەكۆتایی ئەم فیلمەدا هەسـت بەوە ئەكەین نەمری عەشق لەبەیەك نەگەیشتن دایە.

لەسـەرزەمینی خوارئاواو بەرلە ڕۆمیۆو جولەیت، دوو منالی بەختـەوەر یەكێكیان لـە ئیرلەنـداو ئەویتریان لە بەریتانیـا، ووردە ووردە لەناو شـەڕو جەنگە خێڵەكیەكانـدا گەورەدەبـن، بەبێ ئەوەی یەكێكیان ئاگای لەویتربێ یان هەسـت بەبوونـی بكات، لـەو زەمەنەدا ئەو دوو وڵاتـە دوژمنی سەرسـەختی یەكترین، (تریستان) كوڕی ئەمیری بەریتانیا و( ئیسۆڵد) كچی پادشای ئیرلەنـدای دوژمنـە گـەورەی. لەتەمەنی بچوكـی هەردووكیاندا ئیرلەنـدا هـێرش دەهێنێتـە سـەر بەریتانیـا كـە دەسـەلاتێكی لاوازی هەیـە لەو سـەردەمەدا، بەڵام جەنگاوەری ئـازاو چاو نەترسـی هەیە، بـاوك ودایكـی (تریسـتان) لـەو جەنگەدا ئەكوژرێـن، (تریسـتان)ی منـاڵ لـەلای خەڵك و بنەماڵـەی جێگرەوەی ئەراگۆن بەخێو ئەكرێت، پاش نۆ سـاڵ دوای ئـەو جەنگە و گەورەبوونـی هەردووكیان، جەنگ و زوڵمی ئیرلەندا بۆ سـەر بەریتانیا هەر بەردەوامە. لەو سـەردەمانەدا (تریستان) بەقژە لول و دەموچاوە قوپاوەكەی كەهیچ ناشیرینی نەكردووە، ناوبانگی لە ئازایەتیـدا دەركردووە. تا ئێرە فیلمەكە





یـەك ریتمی هەیــە و هەڵبەزو دابەزی کەمە، بــەڵام لەرۆژێکی نائاســاییدا هەواڵ دێت کــە ئیرلەندیەکان هێرشــیان هێناوە، ئا لەوێدا جوامێری (تریستان) ی گەنج دەر ئەکەوێ. ئیرلەندیەکان دێنە ناوچەکەو چەند کەســێك لەناو خاکی خۆیاندا لەســێدارە ئــەدەن و چەندینیشــیان لێ بەدیل ئەبــەن، بەبێ ئەوەی کەس بوێرێت بەرهەڵســتیەك بنوێنێت. (تریستان) لەناوەوە خوێنی ئەکوڵێ و نایەوێت ئاوا بەبێ دەنگی بمێنێتەوە، بیرۆکەی خۆی بۆ هێرش کردن و بۆسەنانەوە ڕوون ئەکاتەوە و بەرەو ئازادکردنی دیلەکانیــان ئەڕۆن. لەو شەڕەشــدا، (تریســتان) بەشمشــێرێکی ژەهراوی سکی زامدار ئەبێت، هاورێکانی وا ئەزانن مردووە، بۆیە بە بەلەمێکی پڕلە گوڵەوە ئەیدەنە دەســت شەپۆلەکانی دەریاو لەیەکێك لە کەنارەکانی ئیرلەندا ئەگیرســێتەوە و نەش مردووە. لەوێدا (ئیسۆلد)ی قەشەنگ لەگەڵ دایەنەکەیدا لەکەنار دەریادا پیاسەئەکەن، لەپڕ (ئیسۆلد) وەك ئەوەی بزانێت پیاوی دوارۆژی وا لەنــاو ئــەو بەلەمە خــراپ بووەدا لــە گیانەڵادایــە، بەرەو بەلەمەکە رائەکات و تریستان ئەبینێت و لەگەڵ دایەنەکەی ڕای ئەکێشن بەرەو خانویەکی خراپ بووی نزیك دەریا، ئیدی ڕۆژانە بۆ تیمارکردن و بینینی دێنە لای، لەو هاتووچۆ کردنەدا عاشقی یەکتری ئەبن و پەیمانێکی قووڵ لەگەڵ یەکدا ئەبەســتن، ئەمە لەکاتێکدایە کە تەواو ئاگادارن کە هەردووکیان دوژمنی یەکترین، ماوەیەکی زۆر ئەو کوڕە لەســەرزەمینی ئیرلەندا ئەمێنێتەوە، تا بەلەمەکەی تریستان ئەدۆزنەوە و ئەزانن ئیرلەندیەك لێرەدایە.

(ئیسۆڵد) بەم هەواڵە ئەزانێت و بەلەمێك بۆ(تریستان) ئەهێنێت و ماڵئاوایی لەیەکتری ئەکەن. دوای گەڕانەوەی تریستان بۆزێدی خۆی و گێڕانەوەی بەســەرهاتەکەی. ئەمجارەیان وەك پاڵەوانێك روو لەئیرلەندا ئەکات، کە لەوکاتەدا واباوە هەرکەســێك توانی تا کۆتایی پاڵەوانیەتییەکە بمێنێتەوە ونەمرێت، کچی پادشــای ئیرلەنــدا بــۆ ئــەو دەبێــت. لەوپاڵەوانیەتییەدا (تریســتان)ی عاشــق ســەرئەکەوێت. بــەڵام بێهیوایــی ڕوو لەهەردووکیــان ئەکات، کاتێك باوکی(ئیســۆڵد) ئەڵێت تۆ بۆ پادشای بەریتانیای نەك بۆ پاڵەوانەکە واتە(تریســتان). دوای هێنانی (ئیســۆڵد) و پێشــکەش کردنی بەپادشــای بەریتانیا، ڕۆژ بەڕۆژ (تریســتان) خەمبارتــر ئەنوینێــت و تورەتــر ئەبێــت. نــاو بەناویــش لەگەڵ(ئیســۆڵدا)یەکتری ئەبینــن، لــەو ڕۆژانەدایــە کە نهێنی پەیوەندی نێوانیان ئاشــکرا ئەبێت، هەواڵ بۆ باوکی (ئیســۆڵد) ئەچێت، کە کچەکەی (تریســتان) ی خۆش ئەوێت نەك پادشــا. باوکی(ئیســۆڵد) خۆی دێت بۆبینینی راستییەکان. کە ئەزانێت راســتە، بڕیــاری جەنگ ئــەدات لەگــەڵ بەریتانیــا. لەکۆتایی جەنگەکەشدا(تریستان) ئەکوژرێت و عەشقەکەیان ناکام ئەبێت. لەســەرزەمینی بەریتانیاو دوای سەرکەوتنیان بۆ یەکەمین جار، لەمانگەشەوێکی ڕوناکدا، لەقەراغ ڕووبارێکی تیژڕەودا، کەمانگ تیایــدا پارچە پارچە ئەبێت، لەنزیك عەشــقەکەیدا دواهەمین هەناســەکانی هەڵئەمژێت. بەڵام عەشقی ئەوان هەرگیز کۆتایی پێنایەت، چونکە ئێمە لێرەدا ئەو چیرۆکە ئەگێڕینەوە.